با مەسعود بارزانی دەست لە سەرۆکایەتی هەرێم هەڵبگرێت

فازڵ قەرەداغی

پاشا هەڵەناکات! وتەیەکە لە رۆژئاوادا هەبووەو تەفسیرو واتایەکی هەیە دوور لەو واتایەی لەم وڵاتانەی ئێرەدا بەکاردێت. لەم وڵاتانەدا پادشا، بەو واتایەی هەڵە، هەرگیز هەڵە ناکات، لەبەر ئەوەش کە زاتی پیرۆزی پاشا هەڵە هەڵگر نییە، هێز نییە پاشا لە شوێنە ئەزەلییەکەی لەق بکات.

بەدرێژایی مێژوویی کوردستانیشدا سەرکردەکان هۆکارێکی گەورە بوون بۆ شکست، بەڵام کورد ناچارە وەکو پاڵەوان تەماشایان بکات، هەر پێداچوونەوەیەکیش بەکارو کردەوەکانیان دەچێتە خانەی کوفری گەورەوە.

پارتی دەسەڵاتەکەی لەسەر ئەو ئەفسانەیە دامەزراندووە کە سەرکردە هەڵە ناکات، دنیا هەمووی هەڵە بکات ئەو هەڵەی لێ ناوەشێتەوە بۆیە پاش شەڕێکی دوورودرێژی ناو ریزەکانی کورد مەسعود بارزانی بەو پەڕی ساردو سڕییەوەو لەبەردەم کامێرای پەیامنێراندا رایگەیاند کە خۆی و مام جەلال خۆیان لەو شەڕەدا بێ تاوانترین کەس بوون.

کەسی کورد فێرکراوە شانازی بە مێژووەکەی و قوربانییەکانی بکات بەڵام لە هەمان کاتدا فێرکراوە تف لەخودی خۆی بکات.

چەند جارە، ئەگەر بتوانین بیانژمێرین، سەرکردە کراوەتە پاڵەوان و شکستەکەی کراوەتە پیلانی دوژمنان؟ تاکی کورد دەبێ تف لەخۆی بکات و باوەڕ بە حیکمەتو قارەمانێتی سەرکردەکان بکات کە پیلانی ناحەزانی دەوروبەرو جیهان نەیهێشت بگاتە جێو بەروبوومی بخوێت. سەرکردە هەڵەناکاتو مەسعود بارزانی تا ئێستا لەسەر هەق بووەو تا قیامەت لەسەر هەق دەبێت، ئەو راستی کرد! لە جەنگی ناوخۆی کوردستان ئەو بێگوناە بووە، پەرلەمان بێگوناهە چونکە مافی خۆیەتی وەك سەرکردەیەك کە هەڵە ناکات داوای ئیمتیازاتی زۆر گەورە بکا، ئێستاش و پاش ئەوەی تۆڕێك تاوان بەقەدەری خوا ئاشکرا بوو، خۆی و حیزبەکەی بە بێتاوان دەرچوون، چونکە گرنگ نییە ئەو کەسانەی ناو تۆڕەکە چەند لە حیزبو سەرکردەکانیەوە نزیك بوون، گرنگ ئەوەیە بنەمای هەڵە نەکردن نەگۆڕاوەو بەم جۆرە پێویستە حیزب لەو کەسانە بێتاگا بێت چونکە بنەمای هەڵەنەکردن وا دەخوازێت گوناهەکە بخرێتە پاڵ کەسانی تر لەدەرەوەی حیزبو سەرکردە مەعسوومەکانی.

بەڵام ئایا مەنتیق رێگە دەدات ئەو حساباتە وا بە ئاسانی بەڕێوە بچن؟ ئەگەر راستە مەسعود بارزانی لە جەنگی ناوخۆ بێتاوانە کەواتە ئەو سەرکردەیەکی هێندە بێدەسەڵات بووە کە چەند سەرکردەیەکی تری ناو حیزب بڕیاریان لەسەر مەسەلەیەکی چارەنووسازی وەك شەڕو ئاشتی. ئەگەر ئەو هێندە بێدەسەڵات بووە بەرامبەر سەرکردەکانی ئەی بۆچی دەستی لە سەرۆکایەتی حیزب نەکێشایەوە؟ ئەی بۆچی ئێستا سوورەو لەسەر ئەو ئیمتیازاتەی سەرۆکی هەرێم کە نزیکە لەدەسەڵاتەکانی پاشا رەهاکان؟

ئەو وێنەیەی سەرۆکی هەرێم بۆ خۆی کێشاوە دەسەڵاتێکی گەورە دەخوازێت، بەڵام ئەگەر جیهان بەرەو کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سەرۆکەکان دەچێت، لە بەشە پێشکەوتووەکانی جیهاندا دەمێکە ئەوەی بە ئەنجام گەیاندووەو ئەگەر دەسەڵاتی کەم بۆ سەرۆکی هەرێم نەنگی بێت تاکە چارەسەر ئەوەیە مەسعود بارزانی دەست لە پۆستی سەرۆکی هەرێم هەڵبگرێت تا کەسێکی تری بۆ دابنرێت قەناعەتی هەبێت بە گیانی سەردەم نەك کوردستان بگاتە ئەم وەزعەی کوردی کردۆتە بابەتی پێکەنین! کوردی تەبا پاش چەند مانگێك لە هەڵبژاردن حکومەتی نییەو پەرلەمان لێرەدا ئەوەیە: کێ بەرپرسی یەکەمە لەم وەزعە؟

وەکو گوتم ئەگەر دەسەڵاتی سنووردار بۆ مەسعود بارزانی مایەی نەنگی و شەرمەزارییە با دەست لەو پۆستە هەڵبگرێت.

کۆتایین شت بوترێ ئەو مەسەلەیە قەدەری خوا ئاشکرای کردو پارتیی تووشی ئیحراجییەکی زۆر کردو دوای دوو مانگ ناچاری کرد شتێك بڵێت کە هەر کەسێك خۆی بەرۆژشنبیر بزانێت سەد پرسیاری لەبارەوە دەکات.

کارم بەو پرسیارانە نییە چونکە لەشوێنی تردا نووسیومە بەڵام کارم بەو قسەیەی پارتی و سەرۆکەکە هەیە کە نابێت کەس دیفاع لەو تاوانبارانە بکات! بەڵێ راستە نابێت کەس دیفاعیان لێ بکات بەڵام ئەو پرسیارەش هەروا دروستە: کێ دیفاعیان لێ دەکات؟

پارتی بەو هەڕەشەیە ناڕاستەوخۆ دەڵێت تاوانبارەکان پەیوەندییان بە ئێمەوە نییە بەڵام پرسیارەکان لەو وەڵامە زۆرترن. بەم جۆرەش چاوەڕێ بووین پارتی و سەرۆکەکەی دان بەو راستییەدا بنێن کە تاوانبارەکان پەیوەندییان بەخۆیانەوە هەیە نەك سووربن لەسەر ئەوەی پەیوەندییان بە لایەنی ترەوە هەیە، ئەو کاتەش با بڵێن ئەمانە دزەیان کردووەو ئێمەیان بۆ مەبەستەکانی خۆیان بەکارهێناوەو ئەو کاتە پرسیاری تر دێنە ئاراوە، چەند پرسیارێك بێسوودو بخرێنە روو، چونکە پارتی هێشتا لە قۆناغی راگرتنی بێگەردیی خۆیەتی.

دەبوا ئەمجارە مەسعود بارزانی هەڵوێستێکی بوێرانەی هەبوایەو دەستی لەکاروباری حیزبەکەی هەڵگرتایە کە ئەو سەرۆکی حیزبێکە رێگەی داوە بە تاوانباران بگەنە ناوجەرگەی دەزگا حیزبی و ئەمنییەکانی، ئەویش ئەگەر تیۆری "دزەکردن" تەبەننا بکات، کە نەیکردووە.

شێخ زانا نەیتوانی حیزبی نەبێتو وەکو دلگەرمترین ئەندام دیفاعی لە بێگەردی حیزب کردووە دەبێت ئێمە ئەو پرسیارە بکەین: چۆن کاتێك پۆستی سەرۆکی هەرێم بە فعلی وەردەگرێت دەتوانێت ببێتە سەرۆکێکی بێلایەن یان بەلای کەمەوە هەموو شتێك بەلای حیزبەکەی خۆیدا دانەشکێنێتەوەو لەرێگەی ئەو پۆستەی رێکەوتنی کورد پێی بەخشی حیزبەکەی بکاتە سەری گەورەی هەموو کوردستان. تۆ تەماشای ئەزموونی جەلال تاڵەبانی لە سەرۆکایەتی عێراقدا بکە. هەرچەندە ئەزموونی یەکەمی هەردوو تاڵەبانی و بارزانی لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی حوکم فەشەلێکی تەواوە، بەڵام ئەمجارە تاڵەبانی بەڕاستی لە سەرۆکێك دەچێت کە ئەو بڕە دەسەڵاتە بەکار دەهێنێت کەپێی دراوە. من هەموو ژیانم رەخنەم لە تاڵەبانی گرتووە بەڵام مرۆڤ هەق بڵێت: پۆستەکەی وا دەخوازێت بێلایەن بێت، ئەویش نەك تەنها وەکو سەرۆکی یەکێتی دەرنەکەوتووە بەڵکو تەنانەت کەم وەکو کوردێك قسە دەکات، ئەمەش هیچ عەیبێکی تیدا نیە چونکە وەکو وتم پۆستەکەی وا دەخوازێت هەروەها ئەو بێلایەنییە هێندە بینیومانەو بیستوومانە سوودێکی گەورەی بۆ کورد هەیە چونکە ئەمڕۆ کورد پێویستی بە هێورکردنی بارودۆخە لەگەڵ عێراقییەکانو لەلایەکی ترەوە کورد دەیسەلمێنێ کە دەتوانێت سەرۆکێکی شیاو پێشکەش بکات، ئینجا تەماشای جەعفەری بکەن چۆن سەلماندوویەتی بێلایەن نییەو دژە سوننەو دژەکوردە. لەم بەریشەوە کە کات دەڕواتو ئیفلیجی حاکمە، کەس لە ئەهلیەتی مەسعود بارزانی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم ناپرسێتو مرۆڤی وردبین هەست دەکات سیاسەتەکە لەرستەیەکدا کۆبۆتەوە: ئەگەر بەدڵی من نەڕوات باتێکبچێ.

لەبەر ئەوانەی سەرەوە لەبەر مێژوویەکی دوورودرێژ کە جێگەی گێرانەوەی لەسەر تێڕوانینەکانی کەسێك خۆی بەرۆژشنبیر بزانێت، ئەوەیە مەسعود بارزانی سەلماندوویەتی کەسی شیاوی ئەو پۆستە نییە کە یەکەم مەرجی سەقامگیرکردنی تەبایی و یەکدەنگییە، بۆیە داواکاریی پێویست ئەوەیە بارزانی لە سەرۆکایەتی هەرێم دەست هەڵبگرێت، ئەمەش یەکەم ئیمزا.

بارزانی لەکاتی دەنگداندا ـ ئاژانسەکان